# ناو و جۆرەكانی ناو لە پڕۆگرامی بازنەی سێیەمی خوێندنی بنەڕەتی دا

م.ی ئاسۆ عبدالرحمن كريم
زانكۆی كەركوك - كۆلیژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەكان

تاريخ استلام البحث / ٢٠١٧/٥/١٨          تاريخ قبول النشر /٢٠١٧/٧/١٠

ملخص البحث

هذا البحث موسوم بـ (الاسم وانواع الاسم في دائرة برنامج المرحلة الثالثة من دراسة الاساسية ) وهو عمل يحدد ويراجع موضوعات القواعدية من خلال دائرة المرحلة الثالثة دراسة الاساسية ، الصف ( السابع ، الثامن ، التاسع) ، وهدف من هذا البحث بيان تخطيط دراسة موضوعات القواعد على وجه الخصوص اسم في اقسام الكلام.

وإن هذا البحث في حدود ( الاسم وانواع الاسم في دائرة برنامج المرحلة الثالثة من دراسة الاساسية) في الصف ( السابع والثامن والتاسع) من الكتب اللغة والادب الكوردي في الموضوع والكتب من المدارس وزارة التربية اقليم كوردستان – عيراق – الذي يدرس.

وقد اتبع منهج الوصفي التحليلي، لكي يقوم الصفوف من خلال هذا المنهج . وكذلك يدرس اسم وانواع اسم الذي يهيئة الطالب في هذه المرحلة و مشكلة هذه الدراسة  ناقصة غير تامة ، لآنه لا يهيئة طالب حسب الحاجة حتى يستعد للمرحلة الكلية خصوصا لقسم اللغة الكردية.

وقد تكون البحث من مقدمة ومبحثين ، المبحث الأول يتحدث عن الاسم وانواع الاسم والمبحث الثاني عني بجانب التطبيقي للمبحث الأول وقد طبقها على مراحل الثالثة لدراسة الاساسية وبعدها ختم البحث بأهم النتائج الذي توصلت إليها ، ثم ذكر قائمة مصادر ومراجع.

## پوختە:

**لە زمانەوانیدا پرۆسەی داڕشتنی پرۆگامی خوێندن بابەتێكی گرنە، بەتایبەتی لە ڕێزماندا بەهای تێگەیشتن و فیربوون دەكاتە نەخشەڕێگایەكی بنەرتی بۆ ئەوەی قوتابی لەسەر ئەو بنەمایە فێربوونێكی راست و دروست لە ستراكچەری زمانەكە بەرهەم بهێنێت. لە ڕێزماند**

**بەشەکانی ئاخاوتن  چەقی بەشەکە دروستدەکەن، لە بەشەکانی ئاخاوتنشدا ناو ساکارترین رەهەندە بۆ فێربوونی هەر زمانێك.**

**لە پەرتووکەکانی (زمان و ئەدەبی کوردی ) وەزارەتی پەروەردەی هەرێم ،لە پرۆگرامی بازنەی سێیەمی خوێندنی بنەڕەتیدا، بەشەکانی ئاخاوتن بەتایبەت (ناو) بۆ خوێندنی ئەو بازنەیە کراوەتە مەبەست. لەو چوارچێوەیەدائەم لێکۆڵینەوەیە ئەنجامدەدرێت.**

**ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە:**

**(ناو و جۆرەکانی ناو لە پرۆگرامی بازنەی سێیەمی خوێندنی بنەڕەتی)دا هەوڵێکە بۆ دیارکردن و بەدواداچوونی بابەتە ڕێزمانییەکان لەمەر بەشەکانی ئاخاوتن لە بازنەی سێیەمی خوێندنی بنەڕەتی، پۆلەکانی (حەوت و هەشت و نۆ)دا.**

## ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:

**ئامانج لەم لێکۆڵینەوەیەدا: بەدواداچوون و هەڵسەنگاندنێکی زمانییە لە مەر بابەتی ڕێزمان بۆ ئەو پرۆگرامەی بۆ بابەتی ناو و جۆرەکانی ناو لە تەواوی بازنەکەدا تەرخانکراوە .**

**گرنگی لێکۆلینەوەکە:**

**گرنگی ئەم لێکۆلینەوەیە لەوەدایە: ئایا بابەتە ڕێزمانییەکان بەتایبەت ناو و جۆرەکانی ناو بە پێی پرۆگرامەکانی خوێندنی پەروەردەیی لە وەزارەتی پەروەردەدا، چۆن نەخشەکێشکراوە؟ ئایا هەمەهانگی و تەواوکاری بۆ ئەم بابەتانە تەواوکەرانە و ڕێکخراوە ،یان لە قۆناغە جیاوازەکاندا هەرەمەکیانەیە ؟**

## ڕێبازی لێکۆڵینەوە:

**لەم لێکۆڵینەوەیەدا ڕێبازی وەسفی شیکاری گیراوەتەبەر، تاوەکو لەڕێگای خستنەڕووی پرۆگرامی بابەتەکان ،هەڵسنگاندن بۆ پۆلەکانی ئەم بازنەی خوێندنە بکرێت .**

## سنووری لێکۆڵینەوەکە:

**لێکۆلینەوەکە لە سنووری (ناو و جۆرەکانی ناو لە بازنەی سێیەمی خوێندنی بنەرەتی ) لە پۆلەکانی (حەوت و هەشت و نۆ)دایە لە پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی. ئەم بابەت و پەرتووکە لە ئیستادا ، لە قوتابخانەکانی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان /عیراق. دەخوێندرێت**

**کێشەی لێکۆڵینەوەکە لەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەو بابەتانەی لە پرۆگرامی بازنەی سێیەمی خوێندنی بنەڕەتی دەخوێندرێت بە نموونەی (ناو و جۆرەکانی ناو ) ، کە قوتابی پێ ئامادە دەکرێت ،وەك پێویست ئەو کاریگەرییەی نابێت لە بازنەی داهاتو و خوێندنی زانکۆیی بەتایبەتی لە بەشی زمانی کوردیدا .**

## ناوەڕۆك و پلانی لێکۆڵینەوەکە:

**ناوەرۆکی لێکۆڵینەوەکە پێکهاتووە لە پێشەکییەك و دوو بەشی(تیۆری و پراکتیکی) لەگەڵ چەند ئەنجامێك و لیستی سەرچاوەکان .**

**لە بەشی یەکەمدا دوو تەوەرخراوەتەڕوو: تەوەری یەکەم بەشەکانی ئاخاوتن و چەمك و پێناسەی ناو و تایبەتمەندی ناو و دەخاتەڕوو. لە تەوەری دووەمدا ناو جۆرەکانی و ڕەگەز و ناو لە ڕووی پێکهاتە و ژمارە و ئەرکەکانی ناو لە ڕستەدا باسکراوە.**

**لە بەشی دووەمدا، لەتەوەری یەکەمدا پرۆگرامی خوێندن دەناسرێنرێت و ئامانجی خراوەتەڕوو. لە تەوری دووەمداپراکتیکەکردنی بەشی رابردووە لەسەر بابەتەکانی بازنەکە، بەشێوەیەك خراوەتەڕوو، دواتر هەڵسەنگاندنی بۆ کراوە**

## بەشی یەکەم/ تەوەری یەکەم:

### ١- بەشەکانی ئاخاوتن

**ڕێزمان نووس و زمانەوانەکان لەسەر دابەشکردنی بەشەکانی ئاخاوتن هاوڕاوکۆکننین و جیاوازی لە بیرو بۆچونیان دا هەیە. ئەم دابەشکردنەش سەرەتای پەیدابوونی بۆ سەردەمی ئەفلاتۆن دەگەڕێتەوە [(١)]**

**بە پێی قوتابخانەو بیرە زمانەوایەکانی یۆنانی و ئەمریکی و ئەوروپاییەکان بۆ هەشت بەش دابەشکراوە، کە ئەوانیش ( ١- ناو ٢- ئاوەڵناو ٣- جێناو ٤- کردار / چاوگ ٥- ئاوڵکار ٦- پرییپۆزیشن ٧- ئامرازی پەیوەندی ٨- ئامرازی سەرسورمان و بانگێشتن ) بەڵام لە لای قوتابخانە**

و بیرە زمانەوانییەکانی ڕوسی بۆ (دە) بەشە ئاخاوتن دابەشکراوە کە بەلای ئەوان ( ژمارە و پارتیکل ) دووبەشە ئاخاوتنی جیاوازن.

## ٢- چەمك و پێناسەی ناو

زمانەوانەکان بیروڕای جیاوازیان هەیە لەسەر ناو.لەم بارەیەوە چەند پێناسەیەك دەخەینەڕوو:

-ناو : ئەو وشەیەیە کە ناوی گیاندارێك یان بێگیانێك یان بیرێك دیاری بکات وەك : ژن ، ئازاد. [٢]

- ناو : کەلیمەییێکە بۆ ناو نانی کەسیّ یان شتێك بە کەڵك ئەهێنریّ . [٣]

ناو : وتەیەکە ، کەسێك ، گیانلەبەرێك ، بیّ گیانێك ، یان هەرشتێکی پیّ دەناسین [٤]

ناو : وشەیەکە بۆ ناونانی کەسیّ یان شتیّ بەکاردەهێنریّ ، بەبیّ ئەوەی کە سەیری تافی تیابکریّ ، وەك ( شاسوار ، گەلاوێژ ، هەڵوژە ، بەزاز ، دهۆك . [٥]

ناو : ئەو بەشەی ئاخافتنە ، کە نیگۆڕی ڕیزمانی ناسیاری ، نەناسیاری،کۆ، ڕەەسەن، دۆخ دەگرێتە خۆی [٦]

کەواتە بە تیڕوانین لەو پێناسەی سەرەوە کە زمانەوانەکان بۆ ناویان داناوە دەردەکەوێت کە پێناسەکان لە ڕووی ناوەڕۆکەوە تا ڕادەیەك لەیەکتر نزیکن . لە ژێر ڕۆشنایی ئەم پێناسانەدا دەتوانین بەم شێوەیە پێناسەی ناو بکەین

ناو : بریتییە لە وشەیەك یان زیاتر کە بۆ ناو لێنان و ناساندنی کەسێك یان گیاندارێك یان بێگیانێك یاخود ئایدیایەك بەکاردێت، کە ئەو ئایدیا یان کەرەستەیەیی پێدەناسرێتەوە و دەبێتە مۆرکی ئەو.

## ٣-تایبەتمەندییەکانی ناو

ناو وەکو هەموو بەشەکانی ئاخاوتن تایبەتمەندی خۆی هەیە، بۆیە لەبەشەکانی تری ئاخاوتن پۆلێنکراوە ، ئەم تایبەتمەندیانە پارێزگاری لە ئەندام بوون و سەربەخۆی خۆی دەکات ، دواتر وەکو ئەندامێکی سەربەخۆ و گشتگیر لە زماندا هەڵس و کەوت دەکات [٧]

### تایبەتمەندی ناو بە گشتی

١- ناو بۆ ناونان بەکاردێت وەك ( ئازاد ، چیا ، نەسرین ، گوند ، ڕووبار ، کۆتر ، بەرد ... تاد .

٢- ئەرکی جۆراو جۆر لە گەردانکردن دەبینیّ وەك ( بکەر ، بەرکاری ڕاستەوخۆ ، بەرکاری ناڕاستەوخۆ..)

٣ـ بەشداری پێکهاتەی وشــەی نــویٚ دەکـات .

٤ـ نیشـانــە ڕێزمانیــەکانــی وەك : کـۆ ، تـاك ، نـاسراوی ، نەناسراوی وەردەگرێت [٨]

تایبەتمەندییەکانی ڕێزمانی لە نـاوی کوردیـدا کۆدەبنــەوە. هەریەکە لەو تایبەتمەندیانە هێمـا و نیشـانـەی تایبەتی خۆی هەیە ، لـە پیتی کوردیـدا بێت بـە کۆتـاییەوە دەلـکـێ . [٩]

٥ ـ بـەهۆی ( ئـاوەڵنـاوەوە دەکرێت بـە ناسیـاوی [١٠].

٦ـ بـە هۆی نیشـانـەی ( ە ك ) و نیشـانـەکانـی ( یـەك ، ێك ، ی ) [١١] دەکـرێت بـە نـەناسراو .

## بەشی یەکەم / تەوەری دووەم :

## ٤-جـۆرەکـانــی نــاو

لە زمانـی کوردیـدا چـەنـد جـۆرێك نـاو بەدیدەکرێت:

یەکـەم : نـاو لـە ڕووی نـاوەڕۆکـەوە

### أـ نـاوی تـایبـەتی :

ناوێکە تەرخانکراوە بۆ ئادەمیزادێك ، شوێنەك یان هەر شتێکی ڕەچاوکردنی ناسراو وەك ئەم ناوانەی خوارەوە کـاوە ، نـازەنین، ، پیرمام [١٢]

### ب ـ نـاوی گـشـتـی :

ئەو ناوەیە کەبەسەر ئەو هەموو کەس و شتانەدا ئەبێژرێ کە ڕەگەزیان یەکە وەك : کـوڕ ، شـار ، ڕووبار ، کـچ ، بـاوك ، دار ، بـەرد ، شـێـر ، کـۆتـر ، ئـەسپ ( . . . ) [١٣]

دووەم : نــاو لـە ڕووی ڕەگـەزەوە

ئەو ناوانەن کە بۆ ڕەگەز بە کاردەهێنرێت لە دیالێکتی خوارووی زمانی کوردیدا بە تایبەتی لە زمانی ئەدەبیدا نیشانەی تایبەتی و دیاریکراوی وانییە، کە لە دۆخی ئاسایدا جیاوازی ڕەگەزی ناو دەربخات ، بەڵام ئەگەر لە ڕووی واتاوە بڕوانیینە ئەو ناوانە دەتوانین ئەم ڕەگەزانەی خوارەوە بۆ نـاو دیـاری بکـەیـن [١٤]

### ١ـ نـاوی نـێـر :

ناوی نێر : ئەو ناوانە یە، کە لە بنەڕەتدا هەر بۆ ڕەگەزی نێر دادەنرێت لە زمانی کوردیدا ناوی ڕەگەزی نێر لەو پۆلە وشانەی خوارەوە پێـك هاتـووە: [١٥].

أـ نـاوی کەسـانـی نێرینـە وەك : پیـاو ، بـاوك ، کـوڕ ، بـرا ، خـاڵ ، مـام ، زاوا ، بـاپیـر ..تاد .

ب ـ نـاوی تایبەت بە کوڕان ، وەك : شێرکۆ ، نەژاد ، بەختیار ، هێمن ،هتـد .

ج ـ نـاوی گیانلەبەری نێـر ، وەك : ئەسـپ ، کەڵەشێر ، هێستـر ، بـەران .

### ٢ـ نـاوی مــێ :

**ئەو ناوانەیە، کە لەبنەڕەتدا بۆ ڕەگەزی مـێ بەکاردەهێنرێت لە زمانی کوردیدا نـاوی مـێ لـە چەنـد بـەشێـك پێك هـاتـووە [١٦].**

**أ ـ نـاوی کـەسـانـی مـێـینـە :**

**ئەو ناوانـە دەگرێتەوە، کە تایبەتن بە کەسانـی مێینە وەك : پـوور ، کـچ ، خـاڵۆژن ، ئامۆژن ، بـراژن**

**ب ـ نـاوی تایبـەت بـەکـچـان ، وەك : نەسرین ، شیرین ، نازدار ، پرشنگ ، گوڵاڵـە ، گوڵزار ، جـوان .**

**ج ـ نـاوی گیانلـەبـەری مێینـە :**

**ئەو نـاوانـە دەگرێتەوە کە تایبەتن بە گیانلەبەری مێینە وەك : مریشك ،مەر ، مانگا. . . تاد.**

**نـاوی پـیـشـە : [١٧].**

**لـە زمانـی کوردیـدا هەنـدێ نـاوهـەن بۆ پیشە بەکاردەهێنرێن بە پیشەی( نێـر و مـێ)وە .**

**أـ بـۆ ڕەگەزی مـێ : کە تایبەتە بە ئیش وکاری ڕەگەزی مێینە ، وەك : نانکەر ، تێلەکێش ، تەونکەر ، بێـروان .**

**ب ـ بـۆ ڕەگـەزی نـێـر[١٨]:**

**ئەو ناوانەن تایبەتن بە ڕەگەزی نێـر ، وەك : نانەوا ، شوان، دارتاش ، ڕاوچی ، باخەوان .**

### ٣ـ : نـاوی دووڵایـەن : [١٩]

**ئەو ناوانە دەگرێتەوە کە بۆ نێر و مـێ یە، یان ئاشکرانیە وەك : کـەر ، ورچ ، بەرخ ، گیسك ، مامۆستا ، ئەندازیار ، .. تاد ،بەڵام بە هۆی هەندێ وشەوە دەتوانرێ ، ڕەگەزی ئەو ناوانە بەلایەکدا بخرێت بۆ نموونە . ( ما ) بۆ ( مـێ ) ، ( نێر ) بۆ نێر ، دێلەن ، بۆ مـێ ، گولە بۆ نێر ...... تاد .**

**وەك:**

| نـاوی دولایـەن | نـاوی نـێـر | نـاوی مـێ |
|---|---|---|
| کـەو | نێرە کەو | مـاکـەو |
| کـەر | نێرەکەر | مـاکـەر |

### ٤ـ نـاوی بـێـلایـەن : [٢٠]

ئەو نـاوانە دەگرێتەوە کە ڕەگەزی نێـر و مێیـان نییە وەك : دار ، بـەرد ، ئـاسـن ، ئـاگـر ، گـوڵ ... تاد.

**ســێ یەم : نـاو لـە ڕووی نـاسـیـنـەوە :**

**١ـ نــاوی نـاســراو :**

نـاوی ناسراو ئەو ناوەیە، کە بە هۆی نیشانەیەکی تایبەتییەوە بووە بە ناسراو ، یاخود خۆی لە بنەڕەتدا ناوێکی ناسراوە ناو لە زمانی کوردیدا دەبێتە ناسراو ، بە هۆی نیشانەی ( ەکە ) و (ە ) وە ئەم نیشانانە دەچێتە سەربەشی دواوەی نـاو یان ئاوەڵنـاو بەڵام لە گەڵ نـاودا چالاکترە بە تایبەتی نـاو گشتی دا ، گەرچی لەگەڵ تایبەتیدا ناتوانـێ خـۆی بنوێـنـێ .[٢١]

ئەگـەر نـاوێـك کۆتـایی بـە دەنگـی ( نەبـزوێـن ) هاتبێت ئەوە ( ەکە ) ی بە ڕەوانـی پێـوە دیاربێت .

وەك : دڵ + ەکە = دڵـەکە .

ئەگەر نـاوێك کۆتـایی بە دەنگـی (بـزوێـن ) هاتبێت ئـەوا ( ە ) ی سەرەتایـی ( ەکە ) لە نـاو دەچێت یاخود لـە نێوان نـاو و نیشانـە دا ( ی ) نیمچە بـزوێن پـەیدا دەبێت .[٢٢]

وەك : چـرا + ەکە = چـراکە .

چـرا + ەکە = چـرایەکە .

ئەگە نـاوێك بە هۆی ئاوەڵناوی نیشانـەوە دەستنیشان بکرێـت ئەوە ئەو نـاوە دەبێتـە نـاوی نـاسراو ، وەك :

ئـەم کـوڕە زیـرەکە .

لێرەدا وشـەی ( کـوڕ ) نـاوێکـی نـاسراوە ، چونکـە بە هـۆی ئاوەڵناوی نیشانـەی ( ئـەم . . . ە ) دەسـت نیشانکراوە بە هۆی ئامڕازی دانـەپاڵـەوە ، بـەو واتایەی ئەو وشانـەی بە هۆی ئامڕازی دانـەپاڵەوە دەخرێتـە پاڵ یەکتـری دەچێتـە حاڵـەتی نـاسراوی وەك ،

کـچـی ئـازاد جـوانــە .[٢٣]

**٢ـ نـاوی نـەنـاسراو :** نیشانەی نەناسیاری لە کاتانەدا بە کاردێت کە لە شتێك وە یا کەسێکی نەناسراو دەدوێت ، بۆ جیاکردنەوەی شتێك وە یا کەسێك لە نێوان کۆمەلێکی وەکو خۆی دابەکاردێـت .[٢٤]

نـاو نـەناسراو بەو ناوانەدەگوترێت کەناسراون ، ناوی ناسراویش بە نیشانەی (یێ ، یێك ، یەك ) کە دەکەوێتە دواوەی نـاوەکە دەیکات بە نەنـاسراو ، لە هەندێك جاریش نـاوەکە خـۆی نەنـاسراوە بـەبێ ئەو نیشـانـەە سـەرەوە (( ئەم نیشانانـەی دەچێتە سـەر نـاو دەیکات بە نـەنـاسراو بـەم شێوانـەی خـوارەوە .

أـ ئەگـەر نـاوەکـە کۆتـایـی بـە دەنگـی نـەبزوێـن هاتبێت ئـەوا (یێ ، یێك) دەچێتە سـەر نـاو وەك:

هەنار + ێك = هەندێك

هەنار + ی = هەناری

ب ـ ئەگەر ناوەكە كۆتایی بە دەنگی بزوێن هاتبێت ، ئەوا نیشانەی ( یەك ، ی ) ی بۆیە بەكاردهێنرێت وەك : [٢٥] كەوا + یەك = كەوایەك

كۆتر + یەك = كۆترێك

كانی + یەك = كانی یەك

ج ـ لە حاڵەتی بەكارهێنانی نیشانەی ( ی ) بۆ ئەو ناوانەی كۆتاییان بە دەنگی بزوێن هاتووە، ئەوا پیتی نیمچە بزوێن دەچێتە نێوان ناوەكەو نیشانە ،نەناسراوەكە [٢٦].

وەك : چرۆ + ی + ی = چرۆییێك

جۆ + ی + = جۆییێك

## چوارەم : ناو لە رووی پێكهاتەوە :

### ١ـ ناوی سادە :

بەو ناوانە دەگوترێت كە لەوشەیەكی واتاداری سەربەخۆ پێك دێت ، بەمەرجێ ئەم وشەیە ناو بێت ، وەكو : ئەستێرە، دەست ، ئاسۆ ، رزگار ، دار ، گوڵ ، ... تاد .

### ٢ـ ناوی دارێژراو :

بەو ناوانەدەگوترێت بە هۆی وشەیەكی سادەو زیادەیەك پێك دێت ئەو جا ئەو زیادەیە چ پێشگر بێت یان پاشگر یان هەردووكیان پێكەوە بێت . [٢٧] لە زمانی كوردی ناوی دارێژراو بە زۆری بە یارمەتی پاشگرێك پێك دێت بۆ رۆنانی ناوی دارێژراو هەندێ پشگر هەن دەچنە سەر ( ناو یان ئاوەڵناو یان كار یان ئاوەڵكار . . .) ی سادەو دەیكەنە ناوی دارێژراو [٢٨].

أـ ئەو پاشگرانەی دەچنە سەر ناوی سادە ، وەك : ( گەر ، دار ، بەند ، ساز ، وان هتد وەكو.)

ئاسنگەر ، بریندار ، ناڵبەند ، دانساز ، باخەوان ، خانجی ، سەرباز ... .

ب ـ ئەو پاشگرانەی دەچنە سەر ئاوەڵناوی سادە دەیكەنە ناوی دارێژراو ( ی ، یی ، یەتی ، ایەتی ، ە ، ەك ، ێنە ، ایی ) [٢٩].

وەك : كوێر + ی = كوێری

توورە + یی = توورەیی

برا + یەتی = برایەتی
کورد + ایەتی = کوردایەت
چاك + ە = چاکە
بەرز + ە ك = بەرزەك

ج ـ ئەو پاشگرانەی دەچنە سەرکرداری سادەو دەیکەنە ناوی دارِێژراو ، وەك : ( ا ر ، مان ) [٣٠].

ون + ار = وتار
کوشت + ار = کوشتار
دروو + مان = درووممان

د ـ ئەوپاشگرانەی دەچنە سەر رِەگی کار ، وەك : ( )

نووس + ە ر = نووسەر
فرۆش + یار = فرۆشیار

ه ـ ئەو پاشگرانەی دەچنە سەر ئاوەڵکاری سادە دەیانکەنە ناوی دارِێژراو،وەك : (ا ر ، ە ، ا، ۆ ك ..تاد )

پێش + ین = پێشین
بن + ا ر = بنار[٣١].

## ٣ـ ناوی لێکدراو :

ئەو ناوایە کە لە دوو وشەی سادەی واتادار یان زیاتر پێك دێت و دەدرێتە پاڵ یەك وشەیەکی لێکدراو یان لیَ پێك دێت [٣٢].

وەك : ١ـ دوو ناوی سادە

ماست + ئاو = ماستاو
دار + بەروو = داربەروو

٢ـ دو ناوی سادە بە یارمەتی یەکێك لەم ئامرازانە ( ە ، و ، بە ) ، وەك :

گوڵ + باخ = گوڵەباخ
نان + و + ماست = نان و ماست
قور + بە سەر = قوربەسەر

٣ـ ناوێکی سادە + ئاوەڵناوێك بە یارمەتی ئأمرازی ( ە) ، وەك :

رِەش + ە + با = رِەشەبا
بەرد + ە + قارەمان = بەردەقارەمان

٤ـ ئاوەڵناوێك و ناوێك

رِەش + مار = رِەشمار

**٥ـ نـاوێكـی سـادەو ڕەگـی كـار**

**شـەڕ + فـرۆش = شـەڕفرۆش**

**٦ـ دوو ڕەگـی فـرمـان بـە یارمـەتی ئـامڕازی ( و) وەك :**

**هـات + و + چـۆ = هـات و چـۆ**

**٧ـ ئـاوەڵـكـارو نـاوێكـی سـادە ، وەك :**

**ژێـر + پـێ = ژێرپـێ**

**بـن + دەسـت = بـن دەسـت**

**٨ ـ دووپـات كردنـەوەی نـاوێـك بـەیارمـەتی ئـامڕازی ( ە) ، وەك :**

**بـۆڵـە بـۆڵ ، چـەقـە چەق ، قـیـرە قیـڕ.[٣٣]**

## پێنجـەم : نـاو لـە ڕووی ژمـارەوە :

**ژمارە خاسیـەتێكی نـاوە كە تـاكی و كـەلـی پیشـان ئـەدا . [٣٤] واتە لە ڕێزمانی كوردیدا نـاو دوو جـۆرە كـە بەسەر تاك و گەل و ( كـۆ ) دابـەش دەبێت .**

### أـ نـاوی تـاك :

**ئـەو نـاوانـە دەگرێتـەوە كـە تەنهـان و هیـچ نیشانیـەكی كـۆی لەسەر نیـەو لـە ڕووی واتاشەوە هەر تاكن و بۆ تـاكـە كەسێك یـان شتێك . . .تاد بـەكـاردێت .**

### ب ـ نـاوی كـۆ :

**ئـەو ناوانـە دەگرێتەوە كە بۆ كۆمەڵە كەسێك یان شتێك ... بەكاردێت واتـە دەبێت لە یەك زیاتر بێت . لە زمانی كوردیدا بە هۆی چەنـد نیشانەیەكەوە نـاوی تـاك دەكرێ بەنـاوی كـۆ ، یەكێك لەو نیشانانـە ( ا ن ) ە ، كە نیشانەیەكی سـەرەكی بە هـۆی كۆكردنەوەی نـاو ، وەك :**

**ژن + ا ن = ژنـان**

**ئـەو نـاوانـەی كە كۆتـاییان بـە پیتـی نـەبزوێن هـاتبـێ ڕاستەوخۆ نیشـانـەی كـۆی بـۆ زیاد دەكرێت ئـەو نـاوانـەی كە كۆتاییان بە پیتـی نـەبزوێن هـاتبێ ڕاستەوخۆ نیشانـەی كـۆی بۆ زیـاد دەكرێت ، وەك ئـەونـموونـانـەی سـەرەوە ، بەڵام ئەگەر نـاوەكـە كۆتـایی بە پیتـی بـزوێن هـاتبوو ئـەوا لەكـاتـی زیادكردنـی نیشانـەی ( ا ن ) پیتـێكـی نـەبـزوێنی ( ی ) دەچێتە نێوان نـاوەكە و نیشانەكەوە ، وەك :**

چرا + ا ن = چرايان

پەرۆ + ا ن = پەرۆيان

خوێندنگە + ا ن = خوێندنگايان

ئەگەر سەيرێكی وشەی ( خوێندنگە ) بكەين دەبينين لە كاتی زيادكردنی نيشانەی ( ا ن ) پيتی كۆتايی ( ە ) گۆڕاوە بۆ پيتی ( ا ) ئە مە ش بە هۆی ياسايەكی فۆنۆلۆژيەوە ڕوودەدات ، بەلآم مەرج نييە هەر وشەيەك كە كۆتايی بە پيتی بزوێنی ( ە ) هات ئەو كردارە ڕووبدات ، وەك :

پەرە + ا ن = پەرەيان

بەرە + ا ن = بەرەيان [٣٥].

جگە لە نيشانەی سەرەكی ( ا ن ) لە زمانی كورديدا چەند نيشانەيەكی تر هەن بۆ كۆكردنەوەی ناو وەك ( ا ت ) هەرچەندە ( ا ن ) لە زمانی عەرەبيدا نيشانەی كۆيە ، بەلآم لە زمانی كورديشدا

بەكاردەهێنرێ ، كە ناكرێ لە باسی كۆ دا پشت گوێ بخرێ . نيشانەی ( ات ) بەرەوانی بە هەندێ وشەوە دەلكێ ، وەك :

باخ + ا ت = باخات

خەيال + ا ت = خەيالآت [٣٦].

هەندێ جار لە نێوان ناو و نيشانەكەدا دەنگی ( و ، ج ، ە ) پەيدا دەبێ بە تايبەتی ئەگەر ناوەكە كۆتايی بە دەنگی بزوێن هاتبێ ، وەك :

ئاغا + و + ا ت = ئاغاوات

ميوە + ج + ا ت = ميوەجات

دێ + ە + ا ت = دێهات [٣٧].

_ ە ها _ نيشانەی ( ە ها ) ش يەكێكە لەو نيشانانەی كە لە زمانی كورديدا كۆ پێك دێنی ، بەلآم تەنيا دەتوانی بچێتە سەر ژمارەيەكی كەم لەناو ، وەك :

دەر + د + ە ها = دەردەها

سەد + ە ها = سەدەها [٣٨].

_ گەل _ هەروەها نيشانەی گەل بە هەندێ ناوەوە بلكێ كۆ پێك بهێنێ ، وەك :

كوڕ + گەل = كوڕگەل

گا + گەل = گاگەل

مێ + گەل = مێگەل [٣٩].

**٤ـ ناوی بچوكراو :**

لەناوی گشتی و ناوی تايبەتيدا بچوككردنەوە هەيە كە زياتر خۆی لە دوو بەشدا دەبينێتەوە: ١ـ بەشێكی زۆری ناوە گشتی يەكان ، بەمەبەستی جياكردنەوە يان لە ناوی

گەورە ، یان لە ناوی تر ، بەهۆی یەكێك لەم پاشگرانە ، بچوك دەكرێنەوە (ۆڵە ، چە ، ۆڵە ، وولە ، دولكە ، ۆڵ ، ۆڵ ، ە ل ، پلە ، ۆكە ، ۆک ، چكە ، وو ، ۆ ، لە ، ۆلكە ، بلكە.[٤٠]

وەك : بەرخ + ۆڵە = بەرخۆڵە .

باخ + چە = باخچە .

كیژ + ۆڵە = كیژۆڵە .

مێش + وولە = مێشوولە .

داس + ولكە = داسولكە

٢- ناوی تایبەتی یان بە مەبەستی پۆزەتیڤ كەلەبەر خۆشەویستی و نازارایيە ، ناوەكە بچوك دەكرێتەوە ، یان بۆمەبەستی نێگێتیفە كە ئەویش شكاندنەوە كەمكردنەوەی نرخێتی بچوكدەكرێتەوە[٤١] وەك :

ئیبراهیم ← بلە

نازەنین ← نازە

بەفرین ← بەفە

## شەشەم : ناو لە ڕووی هەبوونەوە :

ناو لە ڕووی هەبوونەوە لە زمانی كوردیدا دەكرێت بە دوو بەشەوە .

### ١- ناوی ماددی :

ناوی ماددی ئەو شتانە دەگرێتەوە كەبەر یەكێك یاخود بەرپێنج هەستەكانی مرۆڤ بكەوی ، وەك ، كەو ، دار ، گوڵ ، ئاسمان ، زەوی ، گەنم، هەور ، تریشقە ، گۆشت ، خوێ . . . هتد[٤٢].

### ٢- ناوی مەعنەوی (واتایی) :

ئەو ناوانە كە قەبارەی نییە ،بەڵام ئەكرێ تەسەور بكرێ ، وەك : ترس ، جوانی باوەڕ ، ئازایەتی ، گیان .[٤٣]

ناوی واتایی بە هۆی واتایانەوە دەزانرێت ناون[٤٤].

دەتوانرێ لە زمانی كوردیدا دوو جۆر ناوی موعنەوی دەست نیشان بكرێ :

#### أ- ناوی مەعنەوی بنجی :

ناوی مەعنەوی بنجی ئەو ناوانە دەگرێتەوە كە هەر لە بنچینەدا بۆ ناودانراون ، وەك :

خەم ، بڕوا ، شەرم ، هێز ، هۆش ،...تاد .

### ب ـ ناوی مەعنەوی ڕۆنراو :

ناوی مەعنەوی ڕۆنراو ئەو ناوانە دەگرێتەوە کەلە وشەیەکی ماددی یان مەعنەوییەوە وەرگیراون و بە یاریدەی پاشگری سازبوون

_ ناو + پاشگری ( ی ، ە تی ، ێتی ، یەتی )

منداڵ + ی = منداڵی

دز + ێتی = دزێتی

پیاو + ەتی = پیاوەتی

قوول + ایی = قووڵایی

_ ئاوەڵناو + پاشگری ( ی ، ە تی ، ێتی ، ایەتی ، ایی )

جوان + ی = جوانی

گەورە + ەتی = گەورەیەتی

بەرز + ێتی = بەرزێتی [٤٥].

### ٦-ئەرکەکانی ناو لەڕستەدا

ناو وەکو پۆلێکی کراوە لە ڕستەدا بە پێی جۆر و سروشتی کارەکە لە ڕوانگەی ویست و مەبەستی قسەکەرەوە چەند ئەرکێکی ڕێزمانی گرنگی پێ دەسپێرێت ، بە واتایەکی تر ناوێك بە پێی شوێنەکەی لە ڕستەیەکدا ئەرکێك دەبینێت . [٤٦]

وەکو :

مەریوان نامەی نارد .

فەرهاد مەریوانی ناسی .

فەرهاد نامەی بۆ مەریوان نارد.

( مەریوان ) لەم ڕستەیەدا سێ ئەرکی جیاوازی وەرگرتووە ، لە ڕستەی یەکەمدا ئەرکی بکەرە ، لە ڕستەی دووەمدا ئەرکی بەرکاری وەرگرتووە، لە ڕستەی سێیەمیشدا ئەرکی ئاوەڵکاری وەرگرتووە، کەواتە ناو دەتوانی لە ڕستەدا ئەرك ببینێت ئەرکەکانیش جیاوازن بە پێ ی شوێنی ناوەکە یە لە ڕستەدا (( واتە ناو دەتوانی ببێت بە بکەر ، بەرکاری ڕاستەوخۆ ، بەرکاری ناڕاستەوخۆ ، نیهاد ، گوزارە ، تەواوکەری ناو ، تەواوکەری کار . . . . . تاد. [٤٧]

### ١ـ بکەر :

ناو كاتیێ ئەرکی بکەر دەبینێ ، ئەگەر کارێك ئەنجام بدات ، چونکە بکەر کەسێکە یان شتێکە هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی کارێك یاخود تەنها شوێنی بکەرەکە لە ڕستەدا پڕدەکاتەوە .

شیلا ن نانی خوارد.

بکەر

کەپرەکە ڕووخا.

بکەر

بکەریش پێنج جۆری هەیە [٤٨].

أ ـ بکەری ڕێزمانی :

بەو بکەرانە دەوترێت ، کە تەنیا لە ڕووی ڕێزمانەوە بکەرە ، بکەری ڕاستەقینەی

ڕستەکە نین ، وەك

دۆیەکە ڕژا .

کەپرەکە ڕووخا .

ب ـ بکەری لۆجێکی :

بەو بکەرانە دەوترێت کە لە ڕووی واتاوە کارەکانیان ئەنجامداوە ، و بکەری ڕاستەقینەی ڕستەکەن [٤٩].

وەك : ئازاد دوێنێ هات .

ج ـ بکەر دیار :

بەربکەرانە دەوترێت کەلە ڕستەدا دەوریان هەیەو دەردەکەون ، ئینجا بکەرەکە ڕێزمانی بێت یان لۆجیکی ، وەك : کەپرەکە ڕووخا .

ڕێزان چێشتەکەی لێنا .

ئازاد پەنجەرەکەی شکاند .

د ـ بکەر نادیار :

بەو بکەرانە دەوترێت کە لە ڕستەدا بوونیان نیە ، یاخود دەرناکەون ، وەك :

پەرنجەرەکە شکێنرا .

رزگار کوژرا .

هـ ـ بکەری دیاری ئاماژە پێکراو :

بەو بکەانە دەوترێت کە لە ڕووی ڕوخسارەوە ڕستەکان بکەر یان نادیارە ، بەلاّم لە ڕووی ناوەڕۆکەوە بەو جۆرە بکەرانە دەوترێت بکەر نادیاری ئاماژە پێکراو ، وەك :

ئازاد بە دەستی ڕزگار کوژرا .

شیلان لە ڕێگەی تریفەوە هێنراوە . [٥٠]

**نـيـهـاد** (( **ئەرکێکە لە ئەرکەکانی نـاو ، وشەیەکە ڕووداني کارەکـە ئەنجام نـادات ، بەڵکو زیاتر سیفەتێکە دەدرێتە پاڵی نیـهـاد کاتێك لە ڕستەدا پەیدا دەبێت ، ئەگەر کاری ناتەواو لە ڕستەکەدا هەبێت.**)) (٥١)

**کـاری نـاتەواو** : **بەوکارانە دەوترێ کە بەتەنیـا بەکارنایەن بەڵکو دەچنە پاڵ وشەیەکی ترەوە ، کارە ناتەواوەکانیش لە زمانی کوردیدا لە چاوگـی ( بوون ) دوە وەرگیراون ، کە بۆ هەر سـێ حاڵەتی ڕابردوو ئێستا و داهاتوو بەکاردێن بـەم شێـوەی خـوارەوە .**

( **بـوو** ) ..... **بـۆ کـاتی ڕابـردوو .**

**شـێـرزاد زەیـرەك بــوو**

( **ە** ) ....... **بـۆ کـاتـی ئـێـسـتـا**

**قوتـابییەکـە زیـرەکـە .**

**ڕەگـی** ( **ب** ) **بـۆ کـاتـی داهـاتـوو بـەم شێـوەیـە** :

**دەبـم ___ دەبـیـن**

**دەبیـت ___ دەبـن**

**دەبێـت ___ دەبـن**

**ڕزگـار دەبێـت بـە ئـەنـدازیـار .**

**کارە ناتەواوەکان لە ڕووی هێزەوە تێنـەپەڕن ، بەڵام ئەگەر بە واتای ( لەدایکبـــوون ) یا ( هـەبوو ) و (خاوەنداریتـی ) بێت ، ئەوە لەم حاڵەتانەدا دەبنـە کـارێکـی تـەواو ، لـە ڕووی هێزیشـەوە لـە هـەردوو جـۆری تێپـەڕو تێنـەپـەڕ دەبینـرێن .** (٥٢) **وەك:**

**ژنـەکە مـنـداڵــی بــوو .**

**بکەر بەرکاری ڕاستەوخۆ کاری ڕابردووی تێپەڕ**

**دارەکە شــیـن بـوو .**

**بکەر کاری ڕابردووی لێکدراوی تێنەپەڕ**

**گــوزارە** :

**شتێکـە دەدرێتـە پـاڵ نـیـهـاد و گـوزارە هەمیشـە کـارێکـی ناتەواوی لـە گەڵـدا دێت واتـە دەبێتـە تـەواوکـەری کـارەکـە .** (٥٣) **وەك:**

**قـوتـابـیـەکـە زیــرەکــە.**

**نیهاد گوزارە کـاری ناتـەواو بـۆ کـاتـی ئێستا**

**١ـ بەکاری ڕاستەوخۆ :**

کاتێك ناو ئەرکی بەرکاری ڕاستەوخۆ دەبینین ، ئەگەر بێت کاری تێپەڕ لە ڕستەدا .(٥٤)

نموونە :

ئازاد نامەکەی هێنـا.

بکەر بەرکاری ڕاستەوخۆ کاری تێپەڕ

**٢ـ بەرکاری ناڕاستەوخۆ :**

ناو لە ڕستەدا ئەرکی بەرکاری ناڕاستەوخۆ دەبینێت ، ئەگەر یەکێك لە پێشبەندەکانی ( بۆ ، لە ، بۆ ) لە پێش بێت .

نموونە :

ئازاد چوو بۆ دهۆك .


## بەشی دووەم/ تەوەری یەکەم

## پرۆگرام و هەڵسەنگاندن

### ١-ناساندنی پرۆگرامی خوێندن

پرۆگرام(بەرنامە) سیستەمێکی دیاریکراوی پر لە پلانی تایبەتە و گونجاوە بۆ بوارێك، یان قۆناغێك ،یاخود زیاتر لە بابەتێك و قۆناغێك بۆ مەبەستێکی دیاریکراو. ئەم پرۆگرامە لە ناوەندەکانی خوێندن تایبەت دەکرێت بە ئاستی تێگەیشتن و تەمەن و ڕێژەی دیاریکراوی قوتابی بۆیە پسپۆرانی بواری پەروەردە دەڵێن (هەر شتێك قوتابخانە پێشکەشی قوتابی بکات ئەوە پرۆگرامە.) (٥٥) پرۆگرامی خوێندن پرۆگرامێکی هەمەلایەن و گشتگیرە، چونکە ( هەموو پلاندانانێکی پرۆسەی فێربوون دەگرێتەوە ، لەناوەوە و دەرەوەی قوتابخانە بنیات دەنرێت و بۆ قوتابی ئامادەدەکرێت لەسەر بنەمای دەروونی ، کۆمەڵایەتی ، سیاسی ، . . .، کە قوتابخانە لێی بەرپرسە.) (٥٦) . لە پرۆگرامدا پشت بە ئامڕازەکانی فێرکردن دەبەسترێت چونکە.(بەرەگەزێکی سەرەکی پرۆگرام دادەنرێت .بۆیە دەبێت پێش وتنەوەی هەر بابەتێکی دیاریکراو ئامانجەکان دابڕێژرێن و کار بۆ دابینکردنی ئەو ئامرازانە بکرێن کە پێویستن ، کاریگەری بەکارهێنانی ئامرازەکان لەسەر ناوەڕۆکی پرۆگرامەکان زۆرە بۆ ئاسان گەیاندنی بە قوتابی بە کاتێکی کەمتر . (٥٧) پرۆگرامی خوێندن وەکو ماستەر پلانی هەموو دام و دەزگا و ڕێکخراوێك پێویستی بە یاسا و سیستەم هەیە لەبەرئەوە(بەسیستەم و یاسای پەروەردەیی بەڕێوەدەبرێت ، کە لە سەر کۆمەڵێك بنەما بنیاتدەنرێت ، کە فەلسەفەی پەروەردەیی دەگرێتەوە ، ئەوانیش بریتین لە خوداپەرستی ، دەروونزانی، دروستەی کۆزانیاری نەتەوەیی ، ڕۆشنبیری ، سروشتی ، مرۆڤایەتی و کلتوری کۆمەڵگە ، . . .

تاد ) [٥٨]. بۆیە دەکرێت بنەمای واتای پرۆگرامی خوێندن ، کە بریتییە لە ئامانجی پەروەردەیی و هەڵسەنگاندن و ستراتیژی فێربوون و ناوەڕۆك و سیستەمەکان ، لەم هێڵکارییەدا بخەینەڕوو:




کەواتەپرۆگرامی خوێندنی پەروەردە کۆمەڵێك ئەزموونی پەروەردەییە ، بۆ بەدەستهێانی ئەنجامەکانی فێربوون ، ئەنجامی فێرکردن پێویستە،لەڕێگای ئامانج و ناوەڕۆك و شارەزایی و بنەماکانەوە بنیاندەنرێت ، کە پرۆگامی خوێندن لە تیۆرییەوە دەکاتە پراکتیکی، ڕێگایەکە زانیارەکان و توانای قوتابی بە ئاڕاستەی دیاریکراو پێشدەخات . تاکی بە سوود بۆ خۆی نەتەوەکەی بەرهەم دەهێنێت .

## پێکهاتەی پرۆگرامی خوێندن :

**پرۆگرام پەیوەندی بە چوار پێكهاتەی سەرەكییەوە هەیە ، كە پەیوەندی ئەندامییان لە گەڵ یەكتردا هەیە ، ئەوانیش بریتین لە (٥٩).**

**١- ئامانجی پەروەردە ٢- ناوەرۆكی پرۆگرام ٣- هەڵسەنگاندن ٤- فێركردن**
**ئەم پێكهاتانە ئاماژە بە پێكهاتەی دواتری فێربوون دەدەن، كە ( پەروەردە)یە ، هەندێك پێكهاتە بە شێوەیەكی سەرەكی لە پرۆگرامدا دەبینرێت، مامۆستا بە شێوەیەكی ئاسایی لە چالاكی پەروەردەیی فێربووندا پێهەڵدەستێت .**

## ١- ئامانجی پرۆگرامی خوێندن .(ئامانجی پەروەردە)

**پرۆگرامی خوێندن هۆی فێربوونە، ئامرازێكە بۆ هێنانەدی ئامانجی دیاریكراو، ، كە سیسەتەمی پەروەردەیی مەبەستێتی لە نێو پرۆگرامی خوێندندا بە دەستیبهێنێت ، بە شێوەیەكی گشتی پلان و نووسینی پرۆگرامی خوێندن گاباندنە ، كەواتە بواری بنچینەیی پرۆگرامی خوێندن ئامانجە، كە پرۆسەكە پێویستی بە جێبەجێكردن هەیە (٦٠).**

**بۆ بە دەستهێنانی پرۆگرامی خوێندن دەبێت گەشە بە پرۆگرام بدرێت ، بە هێنانە ناوەوەی بابەتی لەبار و گونجاو بەپێی دیاریكردنی پرۆگرامی ئامانجدارلە ژینگەی بازنەی سێیەمی خوێندنی بنەرەتی دا پێویست دەكات رەچاوی لایەنی ( رەوشت ، پەروەردەیی نیشتمانی ، كتێبخانە ، بەدواداگەڕان ، چالاكی ، و میتۆدی فێركردن و هۆكاری فێركردن، وە بەستنەوەی پرۆگرام بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بە ژیانی قوتابی و ژینگە و كۆمەڵگاكەی)(٦١). بكرێت.**

## ٢- ناوەڕۆكی پرۆگرامی خوێندن .

**ناوەڕۆكی پرۆگرامی خوێندن نەخشە رێگای ئایندە و كرانەوەی بیرە، بە كۆمەڵێك بەرهەمی جۆراوجۆر و هەمەڕەنگی زانستی فێربوون دەهێنێتە بەرهەم، واتە (ناوەڕۆك كەرەستەی فێربوونە ، كە زانیاری و پێناسە و لێهاتوویی دەگرێتەوە ، بە مەبەستی هەڵبژاردن و ڕێكخستنی دیاریكراو لێكۆڵینەوە بۆ گەشەی گشتی قوتابی و گۆڕانی رەفتاریان )) (٦٢) ناوەڕۆك دەبێت بە شێوەیەكی هەڵبژێردرێت ، كە ئامانج بهێنێتەدی ، ئەمەش پەیوەست بێت بە سروشتی ژیانی قوتابی و كێشەكانی ئەو كۆمەڵگایەی تیایدا دەژی ، رەچاوی جیاوازی ( ئایین ، رەوشت ، رەگەز ، هۆش ، دەرون ، كۆمەلایەتی ، ئارەزوو ، پێویستی ، توانا ) ی قوتابی لە ناو قوتابیاندا بكات و هاوسەنگی نێوانیان بهێنرێتەدی . یەكەكانی شیكردنەوەی ناوەڕۆك بە گشتی بریتین لە (٦٣).**

**١- ناونیشان ٢- وێنە و هێلكاری و نەخشە ٣- چیرۆك ٤- وشە ، ڕستە ، دەق ٥- بیر.**

## ٣-هەڵسەنگاندن

هەڵسەنگاندنی پرۆگرام پرۆسەیەکە لە چەند کردارێك پێکهاتووە ، وەك : نرخ بۆ دانان ، دەستنیشانکردن بە واتای دیاریکردنی خاڵە لاواز و بە هێزەکان و بەدواداچوون (Feedback) لە کۆتایدا بە گەڕانەوەی دەرکراوەکان بۆ داواکراوەکان تەواو دەبێت ، بۆ ئەوەی سیستەمەکە لە نوێوە بخرێتە ناوی (٦٤).

## چەمکی هەڵسەنگاندن

هەڵسەنگاندن پرۆسەیەکی گشتگیر و بەرفراوانە لە ژێر ڕۆشنایی چەند پێوەرێکی دیاریکراو بڕیار لە سەر زانیاری و داتاکان دەدرێت و هەڵدەسەنگێنرێت لە پێناو دەرخستنی ڕاستییەکان و بەرەو پێشبردنی دیاردەو لایەنی هەڵسەنگێنراو ، لەرووی زمانەوانییەوە واتای ڕاستکردنەوە، یان چاکسازی لە خۆدەگرێت. (٦٥) چەمکی هەڵسەنگاندن جیاوازە لە هەر دوو چەمکی پێوانەکاری و پێوانەکردن لەبەر ئەوەی هەڵسەنگاندن بەر فراوانتر و گشتگیرترە، هەر دوو چەمکی پێوانە پێوانەکردن و پێوانەکاریش لە خۆ دەگرێت (٦٦).

## گرنگی هەڵسەنگاندن لە پرۆسەی پەروەردەدا

هەڵسەنگاندن هەنگاوی لە پێوەردانی پرۆسەیەکە، بەمەبەستی دیاریکردنی ئاست و توانا و هێزی ئەو نەخشەرێگایەیی، کە لە کۆی پرۆسەکە گیراوەتەبەر، لەمەر  پرۆسەی فێرکردن و پەروەردەکردن.

لەبواری پەروەردەدا بە بۆچوونی ( سۆراندایك ) بریتییە لە دەرکردنی کۆمەڵێك بڕیار دەربارەی سەرکەوتنی فێرخواز و بەرەوپێش چوونی )). (٦٧)

( گرۆنلاند )یش پێیوایە، کە هەڵسەنگاندن لە بواری پەروەردە بریتییە لە پرۆسەیەکی ڕێکخراو بە دیاریکردنی ڕادە و چەندیەتی سوود وەرگرتنی فێرخواز لەو ئامانجەی، کە پێشتر دیاریکراون بە مانایەکی دیکە بریتییە لە پرۆسەیەکی دینامیکی بەردەوام (( (٦٨).

پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن وەك گشت پرۆسەکانی تر پێش ناکەوێت و بەرەو پێش ناچێت، ئەگەر بەردەوام بە دواداچوون و هەڵسەنگاندن بۆ دەرئەنجامەکانی نەکرێت، ئەگەر هەڵسەنگاندن نەکرێت ، کێ دەزانێ فێرخوازەکان چەندە سوودمەند بوون لە گوتنەوەی شێواز و وانەکەیدا سەرکەوت بووە؟ ئەو پرۆگرامەی کە دانراوە ،تا چەند سوومەندە بۆ فێرخواز؟ بێگومان بە بێ پرۆسەی هەڵسەنگاندن ناتواندرێت وەڵامی ئەم پرسیارانە بدرێتەوە ، بۆیە هەڵسەنگاند گرنگیەکی زۆر پێدراوە و کەلێنێکی گەورەی لە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردندا پڕکردۆتەوە (٦٩) .

### ٤- فێرکردن

**فێرکردن پرۆسەیەکی گرنگی پرۆگرامی خوێندنە، ئامانجی گەورەی پەروەدە بریتییە لە فێرکرن، چونکە هەموو پرۆگرامێك لە سەرەتا تا کۆتا قۆناغی بەمەبەستی هێنانەدی پرۆسەی فێرکردن بە سیستەم ڕێکخراوە. مامۆستا لە ناو پرۆگرامەکەدا خاڵی گەورەی بازنەکەیە، لەبەرئەوەی لەپاڵ گرتنەبەری هەموو هۆکار و کەرستە و ئامرازەکانی تری فێربوون، مامۆستا نزیکترین و باشترین هۆکاری ڕاستەوخۆی فێرکاری قوتابییە.**

## بەشی دووەم/ تەوەری دووەم

## ئامانج لە ڕێزمانی قوتابخانەکان چییە ؟

**ئەو ئامانجەی وەزارەتی پەروەردە لە قوتابخانەکاندا گرتوویەتییەبەر، ڕێزمان دەخرێتە نێو پرۆگرامەکانی خوێندنەوە هەڵبەت دەبێت ئامانجێکی لە پشتەوە بێت ، چونکە نالوێت هیچ بابەتێك بخرێتە نێو پرۆگرامەکانی خوێندنەوە ئامانجێکی دیاریکراوی نەبێت! لە کوردستاندا فێرخواز هەر لەپۆلی پێنجەمی بنەڕەتییەوە، کە لە بازنەی یەکەمەوە تا دواین قۆناغی بازنەکان ،ڕێزمان وەکو بابەتێکی سەرەکی لە پەرتووکی زمانی و ئەدەبی کوردی دەخوێنێت، بگرە ئەم پرۆسەیە بەردەوامە لە زانکۆکان، ئەگەر تەواوی بەشەکان و کۆلیژ و زانکۆکان زانستی رووتش بن ،کەم تا زۆر لە بابەتی کوردناسی (کوردۆلۆژی) درك بە ڕێزمان دەکەن و تیشك دەخەنە سەری . ئەمەش لە پێناو ئاشنابوونی فێرخوازانی کوردە بە یاساو ڕێساکانی زمانی دایك . ئەم پرۆسەیە بۆ قوتابیانی بێگانەش بابەتێکی گرنگە، چونکە لە پرۆسەی فێربوونی زمانی کوردیدا سەرەتا بە هەنگاوێك دەستپێبکات لە دوای فێربوونی دەنگ و پیتەکان، بەجۆرێك سادەترین نموونەی وشە بە ناو و ناوی خودی فێرخواز و کەرەستە مادی و فیزیکییەکانی ژینگەی نزیك لە خۆیان دەهێنەوە.**

**لە پرۆگرامەکانی خوێندنی زمانی کوردیدا ، ڕێزمان بە شێوەیەکی بەرچاو لە بازنەی سیستەمی قۆناغی بنەڕەتی کاری لەسەر کراوە، کە دەکاتە پۆلەکانی ( حەوتەم و هەشتەم و نۆیەم )، بە شێوەیەکی ڕێکخراو پەرتوکەکان تەواوکەری یەکترن، یەك لە دوای یەك ئەوی تر تەواو دەکەن ،وەکو زنجیرەیەك بە یەکەوە بەستراون لە پێناو ئامانجێکی دیاریکراوە**

.

**بەم شێوەیە لە نەخشە ڕێگایەکدا دەتوانیین بەپێی پۆلەکانی بازنەکە نەخشەیەك بخەینەڕوو:**

**نەخشە ڕێگای ئێستای خوێندنی زمانی کوردی لە بازنەی سێیەم :** (٧٠)

**پــۆلــی : حــەوتــەم**

| بابەتەکان | بابەتەکان | بابەتەکان |
|---|---|---|
| کەرەستەکانی نووسین | ڕستەی ئەریّ و ڕستەی نەریّ | ناو |
| دەنگەکانی زمان و پیتەکانی وشە | ڕستەی پرس | جۆرەکانی ناو |
| شێوەکانی وشە | ڕستەی سەرسوڕمان | ئەرکی ناو لەڕستەدا |
| بڕگەکانی پەیڤی ( وشە ) | بنچینەکانی ڕستە | جێناوی کەسی سەربەخۆ |
| جیاوازی نێوان ڕستە و گریّ | کاری تەواو، کاری ناتەواو | چاووگ |
| جۆرەکانی ڕستە بە پێی ناوەڕۆك | دیارخەری ناو تەواوکەری کار | کار لە ڕووی دەم کاتەوە |

نەخشە ڕێگای ئێستای خوێندنی زمانی کوردی لە بازنەی سێ یەم ( :
پۆلی هەشتەم :

| بابەتەکان | بابەتەکان | بابەتەکان |
|---|---|---|
| ناو لە ڕووی ڕەگەزەوە | هاوەڵناوی چۆنیەتی | هاوەڵکار |
| نیشانە تایبەتییەکانی نێرو مێ | جۆرەکانی هاوەڵناوی چۆنیەتی | جۆرەکانی هاوەڵکار |
| ناوی نەناسراو ناوی ناسراو | جۆرەکانی هاوەڵناوی چۆنیەتی لە ڕووی دروست کردن | گرێی ناوی |
| ناوی تاك و ناوی کۆ | پلەکانی هاوەڵناوی چۆنیەتی | گریّ ی هاوەڵکاری |

| | | |
|---|---|---|
| نـــاوی بـچـوکـکـراوه | هاوەڵـنـاوی نـیـشـانـە | کـاری تـێـنـەپـەڕ |
| جێناوی کەسی لکاو<br>( ئـ ـ ب ـ پ ) | جێناوی نیشـانه | بـەکـار |
| هـاوەڵـنـاو | جیاوازی نێوان جێناوی<br>نیشانەو<br>و<br>ئاوەڵناوی نیشانه | |

نەخشە ڕێگای ئێستای خوێندنی زمانی کوردی لە بازنەی سـێ یـەم : [٧٢].

پـۆلـی : نـۆیـەم :

| | | |
|---|---|---|
| بابەتەکان | بابەتەکان | بابەتەکان |
| ناو لە ڕووی دارِشتنەوە | دەمـەکانی کـار | هاوەڵناوی پـرس |
| چـاووگ | کـاری ڕانـەبـردوو | هاوەڵکاری پـرس |
| چاووگ لە ڕووی دارِشتنەوە | کاری داخـوازی | ڕستەی لێکـدراو |
| بەکارهێنانی چاووگ وەکو ناو | کاری بکەر دیارو بکەر نادیار لە شێوازی کرمانجی خواروو | ئامرازی پەیوەندی |
| ڕەگـی کـار | کاری بکەر دیارو بکەر نادیار لە شێوەزاری کرمانجی ژووروو | ئامرازی ((دانەپاڵ))<br>خستنەڕوو |

| چاووگ سەرچاوەی دارِشتنی کارە | جێناوی پرس | |
|---|---|---|
| | | |

بابەتی (رێزمان) لە پۆلی حەوتەمی بنەرەتیدا
ناونیشانی بابەت (ناو لە رووی ناوەرۆکەوە)
ناوی تایبەتی _ گشتی _ کۆمەڵ
بۆ خستنەرووی ئەم بابەتە نموونەیەك وەردەگرین:
لەوانەی پەروەردەی نیشتمانیدا مامۆستا گوتی :

(( هەرێمی فیدراڵی کوردستانی عێراق ئانکو باشورا کوردستانێ ، لە دوای راپەرینی بەهاری ١٩٩١ز گۆڕانێکی زۆری بە خۆوە دیت ، ئەڤ هەرێمە لە چوار پارێزگا پێك دێت ، هەولێرو سلێمانی و کەرکووك و دهۆك ، چەند قەزاییێکی دیکەش هەن کەبەشێکن لەو هەرێمە وەکو خانەقین و شەنگارو بەدرە . لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی ریڤەبەریا کوردی گەلێك پرۆژەی ئاوەدانکردنەوە هاتنە جێ بەجێ کردن . سەدان باژێرو گوندو دێ نوژەن کرانەوەو سەر لە نووهاتن ئاڤاکرن ، سەدان کیلۆمەتر رێ و بان دروستکران . ژمارەیەکی زۆری کارگەو کارخانە کەوتنەوە گەڕ ، بایەخ درا بە کاروباری چاندن و کشتوکاڵ و بە ڤەژیاندنا سامانی ئاژەڵ و بەخێوکردنی مەڕو بزن و پەزو گاو چێڵ و مریشك . پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێم ژی هاتن دامەزراندن . گەلی کورد لەم بەشەی کوردستاندا دەسەڵاتی گرتە دەست . دوو زانکۆی تازە لە سلێمانی و دهۆك و دەیان قوتابخانەو خاندنگە کرانەوە . نازدارا کچا من و سەربەستێ برایێ وێ لەم دوو زانکۆیەدا دەخوێنن . کۆمەڵی کوردەواری لە گەلێك لایەنەوە پێش کەفت . لەبەر هەندێ پێویستە بە دڵ و گیان ئەزموونی دیموکراتی گەلی خۆمان و بپارێزین و هەموو ببین بە سەرباز بۆ پاراستنا ڤان دەستکەفتان ) .

خستنەروو :

ئەگەر بە وردی پەیڤەکانی مامۆستای پەروەردەی نیشتمانی بخوێنینەوە ، دەبینین چەند رستەیەکی تێدایە وەکو :

١- ئەڤ هەرێمە لە چوار پارێزگا پێك دێتن هەولێر و سلێمانی و کەرکووك و دهۆك .
٢- سەدان باژێر و گوند و دێ نۆژەن کرانەوە و سەر لە نوو هاتن ئاڤاکرن .
٣- بایەخ درا بە کاروباری چاندن و کشتوکاڵ و بە ڤەژیاندنا سامانی ئاژەڵ و بەخێوکردنی مەڕ و بزن و پەز و گاو چێڵ و مریشك .
٤- نازدارا کچامن و سەربەستێ برایێ وێ لەم دوو زانکۆیە دەخوێنن .
٥- گەلی کورد لەم بەشەی کوردستاندا دەسەڵاتی گرتە دەست .

دیسان ئەگەر بە وردی بەریٚ خۆ بدەینە ڕستەکان دەبینین :

لە ڕستەی یەکەمدا ناوی چەند با ژێر و شارێك هاتووە، دەکەونە هەرێمی کوردستانەوە ( هەولێر ، سلێمانی ، کەرکووك ، دهۆك ) کە هەر یەك ژوان ، ناوە بۆ شارێکی دیاری کراو و ناوەکە دەبێتە ناوی تایبەتی .

لە ڕستەی دووەمدا وشە و بێژەکانی ( باژێر ، گوند ، دێ ) هەر یەکەیان ناوە و بەسەر هەموو گوندو دێ و باژێریکدا دابڕاوە، چونکە لە یەك ڕەگەزن ، بۆیێ ئەو جۆرە ناوانە پێیان دوگوتریٚ ناوی گشتی .

لە ڕستەی سێیەمدا دیسان بێژەکانی ( مەڕ ، بزن ، پەز ، گا ، چێلٚ ، مریشك ) کە جانەوەرو گیاندارن ، ناوی گشتین چونکە بۆ ڕەگەزی ئەو گیاندارانە و بۆ تاکەیان بەکار دێ .

لە ڕستەی چوارەمدا وشەکانی (نازدار ، سەربەست ) دوو ناون کە بۆ دوو کەسی دیاری دەست نیشانکراو بەکارهاتوون و پێیان دەگوتریٚ ناوی تایبەتی .

لە ڕستەی پێنجەمیشدا وشەی ( گەل ) لە ڕواڵەتدا تاکە بەلاٚم لە ناوەڕۆك و واتا دا ( کۆ ) یە ، چونکە بێژەکە تێکڕا ئەو هەموو کەسە دەگرێتەوە کە پێکڤە پێیان دەگوتریٚ گەل ، ئەو جۆرە ناوەش پێـی دەگوتریٚ ناوی کۆمەلٚ .

دەســتـوور

ناو لە ڕووی ناوەڕۆکەوە دەکریٚ بە ســێ جـۆر :

١ـ ناوی تایبەتی : ئەو ناوەیە کە بە تایبەتی بەکاردێت بۆ ناونانی کەسێك یان شتێکی یان جیٚ و شوێنێکی دیاری کراوو تایبەت وەك : (ئەڤین ، شێرکۆ ، نازدار ، هەندرێن ، مەتین ، دهۆك ، کەرکووك ، کورد )

ناوی تایبەتیش بـۆی هـەیـە :

ئـ ـ نـاوی کەسـان بێـت .

ب ـ نـاوی ڕووبارو چیـاو شـارو گـونـد بێـت .

پ ـ نـاوی ولاٚت و میللەت بێـت .

٢ـ ناوی گشتـی : ئەو ناوەیە کە بۆ هەموو ئەو گیاندارو بیٚ گیانانە بەکاردێت کە خودانی یەك ڕەگەزن وناوەکە بەسەر تێکڕاو بەسەر تاکە تاکەی ئەو ڕەگەزانە دابڕاوە . ئەو جۆرە ناوەش بۆی هەیە :

ئـ ـ بۆ کەسان بەکارێت وەك : مامۆستا ، کـچ ، کـوڕ ، دایـك .

ب ـ بۆ ئاژەلٚ و باڵندە و ڕووەك و میوە بەکاربێـت وەك : شێر ، گورگ ، ماین ، هرچ ، پەز ، کەو ، کۆتر ، مراوی ، گەنم ، جـۆ ، سێو ، هەنجیر .

پ ـ بۆ شتان بەکاربێـت ( بیٚ گیان ) وەك : بەرد ، دار ، چیا ، ڕووبار ، خانوو .

٣ـ ناوی کۆمەلٚ : ناوێکە بە ڕواڵەت تاك پیشان دەدا بەلاٚم لە ناوەڕۆك واتای کۆ دەبەخشیٚ ، ئەم جۆرە ناوەش بـۆی هـەیـە :

ئـ ـ بۆ كۆمەلێك كەس بەكاربێـت وەك : لەشكـر ، گـەل ، ميللەت ، هـۆز ، دەستـە ، چيـن ، تيـرە .

ب ـ بۆ هەژمارەك گياندارو رووەك بەكاربێـت وەك : گاران ، مێگەل ، رەوە ، گەلە ، ران ، گاگەل ، كەرێ ، پەزى ، رەقـد ( رەڤـدا گـورگـان ) ، رەز ، چـەپـك ، دەسـك ، قـامـك .

## نـاو و جۆرەكانى ناو لە بازنەى سێيەمى خوێندندا

پەروەردە و پرۆگرامى خوێندن پرۆسەيەكى پێكەوە بەستراون، كرۆكى ئەم پرۆسەيەش دياريكردنى ناوەرۆكى پرۆگرامى خوێندن پێكدەهێنێت ، لەسەر بناغەى كۆمەلێك زانيارى دامەزراوە و بنياتدەنرێت ، كاريگەرى و كارتێكردنى نێوان پرۆگرامى خوێندن و كۆمەلگا كارتێكەرێكى ئالۆ گۆركارانەيە و بەردەوامە لێرەوە بايەخ و گرنگى بنەماى كۆمەلايەتى لە دارشتن و دانانى پرۆگرامى خوێندندا دەردەكەوێت ، ئەم بنەمايە بە هێزترين بنەرەتى كاريگەرە لەسەر دياريكردنى روكارە كۆمەلايەتييەكان .

لەدانانى پرۆگرامدا بە چوار قۆناغى سەرەكى ( ١ـ بنيادنان ٢ـ قۆناغى جێبەجێكردن ٣ـ قۆناغى هەلسەنگاندن ٤ـ قۆناغى پەرەپێدان) [٧٣] تێپەر دەبێت .

گرنگترين پرسى زانستى پەروەردەيى ئەوەيە ، كە لێكۆلينەوە لە كاريگەرى بابەتى پرۆگرامى خوێندن بكرێت و پرۆسەى هەلسەنگاندن و دياريكردن و نرخاندنى ئامانج و مەبەست بۆ فێرخوازان دەستنيشانبكرێت و وەلامدەرەوەى پێداويستى كۆمەل بێت و بريارە پێشنيازكراوەكان بۆ پەرەپێدانى تاك و كۆمەل و ولات و پەرەپێدانى مرۆيى لە خۆدەگرێت ، بەو واتايە سەرچاوەى مرۆيى پەرەپێبدرێت .

لەم بازنەيەدا سـێ پەرتووك بۆ فێرخواز ئامادەكراوە، بەلام هەرسێ پەرتووكەكە وەكو يەك پەرتووك تەماشادەكرێت، چونكە تەواوكەرى يەكترن وەكو زنجيرەيەك وايە، كە پێكەوە بەستراون، بە پێى چەند پرەنسيب و بنەمايەكى زانستى ، هەر بابەتێك بە جۆرێك خزمەتى بابەتى دواى خۆى دەكات، كە هەمەهانگى يەكترين. بۆ نموونە لە بابەتى رێزماندا دەبينين جگە لەوەى لە بازنەى سێيەم بە گشتى ئامانجێكى دياريكراوى هەيە، تيايدا بابەتەكان زۆر بە باشى رێكخراوە و ريزبەنكراون لە پۆلى حەوتەم و هەشتەم و نۆيەمدا، كە خزمەتى ئامانجى ئاراستەكراو دەكات. ئەم لێكۆلينەوەيە ئامانجى فێركارييە لە بابەتى رێزمان كە بەشـى ( ناو ) ە لەو بازنەيەدا ، لە هەرسـێ پۆلەكەى بازنەكەدا بەمەش سەرنج دەدەين بابەتەكان لە گشتيەوە بۆ تايبەتى ريزكراون بە جۆرێك لە دوا خالدا پوختەيەك بە دەستتەوە دەدەن لەسەر بابەتەكانى پەرتوكە دياريكراوە، كە تاوەكو فێرخواز بتوانێت بە ئاسانترين شێوە فێرى بێت و گۆرانكارى لە رەفتارى فێركارى رووبدات .

**ئەوەی بەدیدەکرێت لە هەرسێ پەرتووکەکەدا بەشێوەیەکی زانستیانە بابەتەکانیان لە خزمەتی ڕێزمان بە گشتی و بابەتی ناو بەتایبەتی ڕێکخستووە ، بۆیە بەرنامە دارێژی بۆ ئەم کارە کراوە، بۆ نموونە پەرتووکی یەکەم کەمێك ئامادە باشی بۆ کراوە، لە پەرتوکی دووەم دا زیاتر ئامادە باشی بۆ کراوە، لە پەرتوکی سێ یەمدا ئامانجەکە بەرەو کۆتایی دەڕوات ، زانیارییە پێویستییەکان لەسەر ( ناو ) بە فێرخواز دەدات.**

**لە پەرتوکی پۆلی حەوتەمی (زمان و ئەدەبی کوردی)دا لە بەشی ڕێزماندا دەبینین بابەتەکان لە گشتییەوە لە بۆ تایبەت ریزکراوە ، بابەتی یەکەم کەرستەکانی زمانە و دەڵێت: کەرەستەکانی زمان بریتییە لە ( ناو ، دەنگ ، پیت ، کار ، ڕستە و جیاوازی نێوان ڕستە و گرێ ، جۆرەکانی ڕستە و بنچینەکانی کار و دیارخەرەکانی و دواتر دێتە سەر ناو ئەم بابەتانەی کە باس کراون هەر هەموویان پەیوەندیان بە یەکەوە هەیە و یەکتری تەواو دەکەن، کەواتە ئەگەر سەرەنج بدەین، دەبینین بابەتەکان لە گشتی یەوە دەست پێدەکات لە دوایدا تایبەتی دەکات، بەو واتایەی ئەگەر وێنە گشتییەکە کەرەستەکانی زمان بێت تا دێتە سەر (ناو) چونکە ناویش بەشێکە لە کەرەستەکانی زمان بەشێکە لە گشتییەکەی لێرەدا باسی ( ناو ) ە بەڵام چۆن؟ باسی ( ناو ) وەکو کەرستەی زمان باس دەکات دەڵێت: دەنگ کەرەستەی زمانە ، بڕگە و وشەش کەرەستەی زمانە لە جیاوازی نێوان ڕستە و گرێ ئەگەر لێی وردبینەوە لێرەدا بەگشتی دەستی پێکردووە، تاوەکو گەیشتۆتە سەر ڕستەدواتر دەچێتەوە سەر تایبەت بە شێوەیەك کە پێکهاتەکانی ڕستە دیاریدەکات، کە کەرستەکانە بە دیاریکراوی یەکە یەکە تیشکی دەخاتە سەر، باسی بنچینەکانی ڕستە دەکات دەڵێت: بنچینەکانی ڕستە بریتییە لە (ناو + کار) دواتر دێتە سەر ناو و جۆرەکانی ( ناو ) ناو لە ڕووی ناوەڕۆکەوە ناو لە ڕووی هەبوونە ئەرکی ناو لە ڕستەدا ، بە شێوەیەکی بەرفراوان دێتە سەر ناو باسی ناو دەکات ، ناو لە فێرخواز دەگەیەنێت، ئەگەر لە پەرتووکەکە زیاتر وردبیتەوە وەکو ئەوە وایە کە ئەم پەرتوکە تەنها یەك ئامانجی هەبێت ئەویش ئەوەیە کە ناو بە فێرخواز بناسێنێت، لەبەرئەوەی لە بەشی کۆتایی زۆرترین کات بە ناو دراوە، کەواتە ئەم پەرتووکە بووەتە دەروازەیەکی زۆرباش بۆ ئەوەی ناو لەفێرخواز بگەیەنێت.**

**لە پەرتووکی پۆلی هەشتەمی (زمان و ئەدەبی کوردی)دا ڕوونکردنەوەی زیاتر دەدات لەسەر (ناو) بە شێوەیەکی بەرفراوانتر باسی ناو دەکات بابەتەکان بە باشی ڕێکخراوە لە ئامادە باشی بۆ ناساندنی ناو و گەیاندنی بە فێرخواز، بۆیە ئەم پەرتووکە بە ناو دەستپێدەکات، کە یەکەم بابەتی ناو لە ڕووی ڕەگەزەوە دەخاتەڕوو، دواتر تایبەتییەکانی ناو باس دەکات، وەکو ناوی ناسراوی و ناوی بچوکراوە ، جێناوی کەسی و ئاوەڵناو پلەکانی ئاوەڵناو دەخاتە بەردیدیان، چونکە ئەم بابەتانە هەر هەموویان پەیوەندیان بە ناوەوە هەیە و ناو دەگرێتەوە لە کۆتایدا نەبێت بەشێکی کەم باسی کار دەکات ، ئەگەر بە**

وردتر و زانستی تر بڕوانیینە پرۆگارمی ئەم پەرتووکە ،ئامادەباشی کراوە بۆ ئەوەی قوڵتر بچیتە سەر ( ناو ) تاوەکو تێگەیشتنی زیاتر و چرتر بداتە فێرخواز لە پەرتووکی داهاتوودا لە هەمان بازنەدا .

لە پەرتووکی نۆیەمی (زمان و ئەدەبی کوردی)دا هێنانەدی ئامانجی مەبەستدارە، بۆیە باسی پەیوەندی ناو بە بابەتەکانی ترەوە دەکات، ئەویش پەیوەندی نێوان ( ناو و ڕێزمان )ە، کە ئەویش دروستکردنی ڕستەیە ، چۆن لە ڕێگای ( ناو ) و ئەم کەرستانەی کەلە گەلیدان دروستدەکەن ، ئەوەیە فێرخواز ئاشنا دەکات، کە لە دروستکردنی ڕستەدا ناو گرنگترین بەشە و ئەرك دەبینێت بۆیە دێت باسی ئەرکەکانی ناو دەکات و باسی بەکارهێنەرەکانی ناو دەکات لە سەرەتای پەرتووەکەکە بە شێوەیەکی زانستیانە ئامادە باشی بۆ کراوە ، یەکەم بابەت باسی ناو لە ڕووی داڕشتنەوە دەستپێدەکات لە دوای ئەوەدا باسی چاوگ دەکات، چونکە چاوگ هەموو تایبەتمەندییەکانی ناو وەردەگرێت، کەواتە لێرەدا چاوگیش هەر وەکو ناو هاتووە، ئینجا بەکارهێنەرەکانی چاوگ وەکو ناو باس دەکات ئەگەر سەرنجبدەین دەبینین چاوگ و ناوی بە یەکەوە گرێداوە ، ئینجا چاوگ و ناوپێکەوە لە دوای ئەوە باسی دروستبوونی چاوگ دەکات ودواتر دێتە سەر ئاوەڵناو ڕستە و ئامرازە، ئەوەی گرنگ و مەبەستدارە لەم پەرتووکەدا ئەرکەکانی ناو لە ناو ڕستەدایە، کەواتە دەگەینە ئەوبۆچوونەی لەم سێ پەرتووکەدا هەموو زانیاریەکی تەواوکاریانەی لەمەر ناو بە فێرخواز بەخشراوە.
کەواتە لێرەدا پرۆگارامی خوێندن، ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە ئامانجی فێرکاری لەم بازنەیەدا (ناو )ە ئەویش بەشێکە لە بەشەکانی ئاخاوتن و گرنگترین بەشی ڕستە یە لە ڕێزماندا .

## ئەنجام

١- بەشە ئاخاوتنی ناو لایەنێکی ئێجگار گرنگی پێکهاتەی زمانی کوردییە ، خاوەنی چەند تایبەتمەندیەکی جیاوازە لە بەشە ئاخاوتنەکانی دیکەی زمانی کوردی .

٢- بابەتی ناو وەکو خۆی لەزمانی کوردیدا لەمەڕ تێگەشتنی فێرخوازەوە بابەتێکی ئاسانە، بەڵام لە پڕۆگرامی خوێندنی بازنەی سێیەم، لەڕووی ئەرکەوە بابەتیکی تارادەیەك جێی تیڕامانە .

٣- لەم بازنەیەدا ئامانج لە فێرکردنی ڕێزمان ئاشناکردنی کەرستەکانی زمانە بەگشتی و بەشە ئاخاوتنی ناوە بە تایبەتی.

٤- لە پڕۆگرامی بازنەی سێیەمی خوێندنی بنەڕەتیدا پەرتووکەکان تەواوکەری یەکترن، چونکە بەجۆریك کار لەسەر پرۆگرام دەکات تاوەکو دەگاتە ئامانجە گشتییەکە.

٥- **لەپەرتووكی یەكەم (پۆلی حەوتەم) ناو وەكو كەرستەیەكی زمان باسكراوە ، بەڵام لەدوو پەرتووكەكەی تردا ،وەكو بەشە ئاخاوتنێك باسكراوە لەپاڵ بەشە ئاخاوتنەكانی تردا.**

## پەراوێزەكان:


١. **محمد ڕەزای باتینی ، ئاوڕێكی تازە بۆ سەر ڕێزمان ، وەرگێڕان حەسەنی قازی ، ١٩٩٣ ل٧٠**
٢. **ئەورەحمانی حاجی مارف ، ڕێزمانی كوردی ، بەرگی یەكەم ، (مۆرفۆلۆژی) ، بەشی یەكەم ، ( ناو ) ، ١٩٧٩ ، ل٩٣**
٣. **توفیق وەهبی ، دەستوری زمانی كوردی ، ١٩٢٩ ل١٥**
٤. **أحمد حسن أحمد ، ڕێزمانی كوردی بە كوردی و عەرەبی ، ١٩٧٩ ، ل٨٧**
٥. **نوری علی أمین ' ڕێزمانی كوردی ، ڕێكخستن و چاپدانەوەی ، د.نریمان عەبدەڵڵا خۆشناو ، ٢٠١٢ ، ل٥٩**
٦. **نەسرین فەخری ، كوردستان موكریان ، ڕێزمانی كوردی ، بۆ پۆلەكانی بەشی یەكەم ، زمانی كوردی ، ١٩٨٢، ل ٧ .**
٧. **شوكر محمد صالح ، ناوی تایبەتی و ئەزموونی لە ڕۆمانی ( تەمی سەرخەندی ) شیرزاد، ل١٢**
٨. **ڕەفیق شوانی ، وشەسازی زمانی كوردی ، چاپی دووەم ٢٠١٤ ، ل٤٩ - ٥٠**
٩. **ڕێژنە أسماعیل عەزیز ، ناوان و هەست لە زمانی كوردیدا ،، ٢٠٠٨ ، ل٢٧-٢٨**
١٠. **هەمان سەرچاوە ل ٥٩**
١١. **هەمان سەرچاوە ل ٣٠ .**
١٢. **أحمد حسن أحمد ، ڕێزمانی كوردی ، بە كوردی و عەرەبی ، ١٩٧٦ ، ل٨٧**
١٣. **ئەورەحمانی حاجی مارف ، ڕێزمانی كوردی ، بەرگی یەكەم (وشەسازی) بەشی یەكەم ( ناو ) ، ٢٠١٤ ، ل١٠٥**
١٤. **ـ هەمان سەرچاوە ٢٠١٤ ، ل١٧٧**
١٥. **هەمان سەرچاوە ل١٧٧**
١٦. **شاخەوان جەلال فەرەج ، ناو لە شێوە زاری هەورامیدا ، ٢٠٠٦ ، ل١٦**
١٧. **ئەورەحمانی حاجی مارف ، ڕێزمانی كوردی ، بەشی یەكەم ( مۆرفۆلۆژی )بەشی یەكەم ( ناو )، ١٩٧٩ ل١٦٨ _ ١٦٩**
١٨. **هەمان سەرچاوە ل١٧١**
١٩. **هەمان سەرچاوە ل ١٧١**
٢٠. **ـ نەریمان خۆشناو ، ڕێزمانی كوردی (كرمانجی سەروو ) ، ٢٠١٥ ل٢٤ _ ٢٥**
٢١. **ـ ئەورحمانی حاجی مارف ، ڕێزمانی كوردی ، بەرگی یەكەم (مۆرفۆلۆژی ) ، بەشی یەكەم _ ناو ،١٩٧٩ ، ل١٨٧ _ ١٨٨**
٢٢. **ـ هەمان سەرچاوە ل١٨٩**
٢٣. **ـ كوردستان موكریانی ، ڕێزمانی كوردی ، بەكەرەستەی دیالێكتی كرمانجی و سۆرانی، ١٩٨٢ ، ل٦٢**
٢٤. **هەمان سەرچاوە، ل٦٢**
٢٥. **نوری علی أمین ، ڕێزمانی كوردی ، ٢٠١٢ ، ل٦٥**
٢٦. **ئاسۆ عبدالرحمن ، ڕۆنانی ڕستە لەشێوازی فەیلیدا ، ٢٠١٤ ، ل٥٠**
٢٧. **شهاب شێخ گیب ، دەربارەی زمانەوانی ، ٢٠١٤ ، ل١٢٤**

٢٨. ئەورەحمانی حاجی مارف ، ڕێزمانی کوردی ، بەرگی یەکەم ، (مۆرفۆلۆژی ) بەشی یەکەم _ ناو ١٩٧٩ ، ل١٠٧.
٢٩. ئەورەحمانی حاجی مارف ، ڕێزمانی کوردی ، بەرگی یەکەم ، (مۆرفۆلۆژی ) بەشی یەکەم _ ناو _ چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق ، ١٩٧٩، ل١٢٦
٣٠. هـەمان سـەرچـاوە ل١٢٨
٣١. ئەورەحمانی حاجی مارف ، ڕێزمانی کوردی ، بەرگی یەکەم ، ( مۆرفۆلۆژی ) بەشی یەکەم _ ناو ،١٩٧٩، ل١٣٢ - ١٣٣
٣٢. ئاسۆ گەرمیانی ، ڕێزمانی کوردی ، بۆ قۆناغەکانی ئامادەیی ، ، بەرگی دووەم ، ٢٠٠١ ل ٤٠ _ ٤٢
٣٣. ـ هەمان سـەرچاوە، ل٤٣
٣٤. ـ توفیق وەهبـی ، دەستوری زمانی کوردی ، بەشی یەکەم ، ١٩٢٩ ، ل٣٧
٣٥. محمد ئەمین هەورامی ، سەرەتایەك لە فیولۆژی زمانی کوردی ، ١٩٧٤ ، ل١٤٥
٣٦. ـ ئەورحمانی حاجی مارف ، ڕێزمانی کوردی ، بەرگی یەکەم (مۆرفۆلۆژی ) بەشی یەکەم (ناو )، ١٩٧٩ ل١٥٠
٣٧. ـ هـەمـان سـەرچـاوە ل ١٥٠
٣٨. ـ هەمان سـەرچاوە، ٩ ، ل ١٥١
٣٩. ـ هـەمـان سـەرچـاوە ل١٥٢
٤٠. ـ ئاسۆ گەرمیانـی ، ڕێزمانی کوردی ، بۆ قۆناغـەکانی ئامادەیی ، ٢٠٠١ ، ل ٤٩
٤١. هەمان سـەرچاوە ل٥٠
٤٢. ـ ئەورەحمانی حاجی مارف ، ڕێزمانی کوردی ، بەرگی یەکەم ، (مۆرفۆلۆژی ) بەشی یەکەم ، _ ناو، ١٩٧٩ ل٩٩
٤٣. ـ نوری علی ئەمین ، ڕێزمانی کوردی ، چاپی دووەم ، ٢٠١٢ ، ل٦٢
٤٤. ـ رفیق شـوانی ، وشەسازی زمانی کوردی ، چاپی دووەم ، ٢٠١٤ ،، ل٥٥.
٤٥. ـ ئەورەحمانی حاجی مارف ، ڕێزمانی کوردی ، بەرگی یەکەم ، ( مۆرفۆلۆژی ) بەشی یەکەم ، _ ناو ، ١٩٧٩ ل١٠٩
٤٦. ـ شاخەوان جەلال فەرەج ، نـاو لە شێوازی هەورامیدا ،، ٢٠٠٦ ل٧
٤٧. ـ نریمان عەبدوڵلا خۆشناو ، ڕێزمانی کوردی ، چاپی پێنجـەم ، ٢٠١٣ ، ل٣٣.
٤٨. هـەمـان سـەرچـاوە ل٣٣
٤٩. ـ نوری علی أمین ، ڕێزمانی کوردی ، ڕێکخستن و لە چاپدانەوەی ، چاپی دووەم ٢٠١٢ ل٧٧
٥٠. نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو ، ڕێزمانی کوردی ، ٢٠١٣ ل ٢٢
٥١. هـەمـان سـەرچاوە ل٢٥
٥٢. نەریمان خۆشناو ، ڕێزمانی کوردی ، ( بەشەکانی ئاخاوتن ، چاپی دووەم ، ٢٠١٠ ، ل٢٥.
٥٣. هەمان سـەرچاوە، ل٢٥.
٥٤. شاخەوان جەلال فەرەج ، ناو لە شێوە زاری هەورامیدا ، ٢٠٠٦ ، ل٩١
٥٥. نەوزاد کەلهوری ،ئاسۆی پەروەردەی ، ژمارە ( ٧٦ - ٧٧) ی ٢٠٠٧ ل٦١
٥٦. هەوار عومەر فەقێ ئەمین ، بنەماکانی زمانی پەروەردەیی لە پرۆگرامی خوێندا ( خوێندنـی زمانی کوردی وەك نموونە )، ٢٠١٥ ، ل١٣٣.
٥٧. ـ رسول أبراهیم رسول ، دەروازەیەك بۆ وانەوتنەوە ، ٢٠١٤ ، ل١٨١
٥٨. هەمان سەرچاوە ل١٣٤.
٥٩. هەوار عومەر فەقێ ئەمین ، بنەماکانی زمانی پەروەردەیی لە پرۆگرامی خوێندندا، ٢٠١٥ ، ل١٣٨

٦٠. ، هەمان سەرچاوە ،ل١٣٩
٦١. عەبدولڕەحمان حەمە چاوش مەحمود ، پەروەردە لە سایەی فەلسەفەی پەروەردەیی نیشتمانی ، ٢٠١٣ ، ل٩٣-٩٤
٦٢. هەوار عومەر فەقێ ئەمین بنەماكانی زمانی پەروەردەیی لە پرۆگرامی خوێندا ( خوێندنی زمانی كوردی وەك نموونە )،، ل ١٤٠ .
٦٣. هەمان سەرچاوە ل١٤١
٦٤. ـ صادق أحمد عوسمان ، ڕێزمانی كوردی لە نێوان پرۆگرامی خوێندنی كۆن و نوێدا، ٢٠١٤ ، ل٧٨ _ ٧٩
٦٥. ڕەسول أبراهیم رسول ، دەروازەیەك بۆ وانەوتنەوە ، ٢٠١٤ ، ل٢١٩
٦٦. كەریم شەریف قەرەچەتانی ، سایكۆلۆژی پەروەردەیی ، ٢٠١٣ ، ل٢٢
٦٧. هەمان سەرچاوە، ل٢٢
٦٨. ڕەسول أبراهیم رسول ، دەروازەیەك بۆ وانەوتنەوە ٢٠١٤ ، ل٢٢.
٦٩. كریم شەریف قەرەچەتانی ، سایكۆلۆژی پەروەردەیی، ل٢٢٧
٧٠. لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە ، ڕێزمان و ئەدەبی كوردی ، پۆلی حەوتەم ، چاپی پێنجەم ، ٢٠١٢ ،
٧١. لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە ، زمان و ئەدەبی كوردی ، پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی ، چاپی هەشتەم ، ٢٠١٥ ، ل
٧٢. لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە ، زمان و ئەدەبی كوردی ، پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی ، چاپی پێنجەم ، ٢٠١١ ،ل٢٤
٧٣. ـ عەبدولڕەحمان حەمەچاوش مەحمود ، پەروەردە لە سایەی فەلسەفەی پەروەردەیی نیشتمانیدا ، چاپی یەكەم ، ٢٠١٣، ل١٠٧.

## سەرچاوەكان

### أ-كتێب


١-محەمەد ڕەزای باتنی ، ئاوڕێكی تازە بۆ سەر ڕێزمان ، وەرگێر : حەسەنی قازی ، چاپ و بڵاوكردنەوە ، سوید، ١٩٩٣.

٢-ئەورەحمانی حاجی مارف ، ڕێزمانی كوردی ، بەرگی یەكەم ، وشە سازی ، بەشی یەكەم ، ناو ، ڕێكخستن و پێداچوونەوەی ، نەریمان عەبدوڵا خۆشناو ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٤ .

٣-ئەورەحمانی حاجی مارف ، ڕێزمانی كوردی ، بەرگی یەكەم ، مۆرفۆلۆژی ، بەشی یەكەم ، ناو ، چاپخانەی كۆڕی زانیاری عێراق ، ١٩٧٩ .

٤-تۆفیق وەهبی ، دەستوری زمانی كوردی بەشی یەكەم ، دارالگباعە ، بغداد ، ١٩٢٩.

٥-محەمەد ئەمین هەورامی ، سەرەتایەك لە فیلۆلۆژیی زمانی كوردی ، چاپخانەی معاریف ، بەغداد، ١٩٧٣.

٦-ئەحمەد حەسن ئەحمەد ، ڕێزمانی كوردی بە كوردی عربی ، چاپخانە ، دارالجاحف ، ١٩٧٦ .

٧-نوری عەلی ئەمین ، ڕێزمانی كوردی ، ڕێكخستن و لە چاپ دانەوەی ، نەریمان عبدوڵا خۆشناو ، چاپخانەی ڕۆژهەلات ، هەولێر ، ٢٠١٢ .

٨- نەریمان عەبدوڵا خۆشناو ، ڕێزمان كوردی ، بەشەكانی ئاخاوتن ، چاپخانەی منارە ، ٢٠٠٩

٩- نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو ، ڕێزمانی کوردی ، چاپی پێنجەم ، چاپخانەی هێڤی ، هەولێر ، ٢٠١٣ .

١٠- نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو ، ڕێزمانی کوردی ، کرمانجی سەروو ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، ٢٠١٥ .

١١-نەسرین فەخری ، کوردستان موکریانی ، ڕێزمانی کوردی ، بۆ پۆلەکانی ، بەشی یەکەم ، زانکۆی سەلاحەددین ، کۆلێجی ئاداب ، ١٩٨٢ .

١٢-ئاسۆ عبدالرحمان ، ڕۆنانی ڕستە لە شێوەزاری فەیلی دا ، چاپخانەی موکریانی ، هەولێر ، ٢٠١٤ .

١٣-کوردستان موکریانی ، ڕێزمانی کوردی ، بەکەرەستەی دیالێکتی ، کرمانجی و سۆرانی ، هەولێر ، ١٩٨٢ .

١٤-ڕەفیق شوانی ، وشەسازی زمانی کوردی ، چاپخانەی داودی ، کەرکوك ، چاپی دووەم ٢٠١٤ .

١٥- رسول ابراهیم رسول ، دەروازەیەك بۆ وانە وتنەوە ، چاپخانەی نارین ، هەولێر ، چاپی ٢٠١٤ .

١٦-کەریم شەریف قەرەچەتانی ، سایکۆلۆژیای پەروەردەیی ، چاپخانەی پەیوەند ، سلێمانی ، چاپی ٢٠١٣ .

١٧-عبدالرحمان حەمە چاوش مەحمود ، پەروەردە لە سایەی پەروەردەی نیشتیمانی دا ، چاپخانەی سەردەم ، سلێمانی ، چاپی ٢٠١٣ .

١٨-لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە ، زمان و ئەدەبی کوردی ، پۆلی حەوتەم ، چاپخانەی دارولبنان ، ٢٠١٢ .

١٩- لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە،زمان و ئەدەبی کوردی،پۆلی هەشتەمی بنەرەتی،چاپ کۆمپانیای هاتن،٢٠١٥

٢٠- لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە ، زمان و ئەدەبی کوردی ، پۆلی نۆیەمی بنەرەتی ، چاپخانەی المستقبل ، لوبنان ، چاپی ٢٠١١ .

٢١- شهاب شێخ گیب ، دەربارەی زمانەوانی ، چاپخانەی نارین ، هەولێر ، چاپی ٢٠١٤ .

ب-نامەی ئەکادیمی

٢٢-ڕێژنە اسماعیل عزیز ، ناونان و هەست لە زمانی کوردیدا ، نامەی ماستەر ، زانکۆی سەلاحەددین ، ٢٠٠٨ .

٢٣-شوکور محەمەد سالح ، ناوی تایبەتی ئەزمونی لەرۆمانی ، تەمی سەرخەندی ، شێرزاد حەسەن ، نامەی ماستەر ، زانکۆی سەلاحەددین ، هەولێر ٢٠١٢ .

٢٤-شاخەوان جەلال فەرەج ، ناو لە شێوەزاری هەورامیدا ، نامەی ماستەر ، زانکۆی کۆیە ، ٢٠٠٦ .

٢٥-هەوار عومەر فەقێ ، بنەماكانی پەروەردەیی لە پرۆگرامی خوێندندا(خوێندنی زمانی كوردی وەك نموونە) ، نامەی ماستەر ، زانكۆی سلێمانی ، ٢٠١٥ .
٢٦-سادق ئەحمەد عوسمان ، ڕێزمانی كوردی لە نێوان پرۆگرامی خوێندنی كۆن و نوێدا ، نامەی ماستەر ، زانكۆی سەلاحەددین ، هەولێر ٢٠١٤

ج- گۆڤار
٢٧-سەباح مەجید ، ڕێزمانی قوتابخانەكان و سەر لە قوتابی شێواندن ، گۆڤاری زمان ناسی ، ژمارە ٤-٥، ٢٠٠٩
٢٨-نەوزاد كەلهوری ، ئاسۆی پەروەردەیی ، ژمارە ٧٦ – ٧٧ ،شوبات ، ئادار ، ٢٠٠٧

**Abstract**

**This research which is titled *Nouns and Noun Types in the Third Circle of the Basic Education Program* is an attempt to identify and follow up the grammatical subjects in relation to the dialogues of the third circle of basic education which covers Seventh, Eighth, and Ninth grades. The aim of this study is to indicate the educational plan to study grammar and more specifically nouns in the dialogue parts.**

**The area of the study is restricted to nouns and the noun types in the third circle of the basic education in seventh, eighth, and ninth grades in Kurdish Grammar and Literature Course book. This book is studied at the present time in the schools that belong to the ministry of education in Kurdistan Region and Iraq.**

**The method of the research is a descriptive analytic in order to show the subjects and to evaluate the circles' education impact for the aforementioned grades. The case of the research is based on the idea that the designed program in the third circle which deals with nouns and noun types are intended to prepare students for the next circle which is the university stage does not achieve the desired aim specifically in the language departments.**

**The study is composed of an introduction and two parts. The first is theoretical and the other is practical, as well as some conclusions together with the list of references. In the first part nouns and its types are discussed while the second one which is the practical side of the previous part in terms of the circles subject matters are indicated and been evaluated .**